رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
11-10-2007 23:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گۆشەی پۆرترێت پێش کەشە بەهونەرمەندی دەنگ خۆش (چۆپی فەتاح) ... شێرکۆ جەلال

زەحمەتە مرۆڤ بەچەند دیمانەو پێك گەیشتنێك بتوانێ لەناخی مرۆڤەکان بگات بەتایبەتیش ئەگەرئەم مرۆڤە هونەرمەند بێت لەیەکێك لەلقەکانی هونەر بەتایبەتیش بواری دەنگ خۆشی بەهۆی ئەوەی هونەرێکە سنورەکانی کاری تاك دەبەزێنێ و خۆی لەکارێکی هاوبەش دەدۆزێتەوە بێ گومان کاری هاوبەشیش هاسان نیە بەهۆی سروشتی کارکتێری هەریەك لە هونەرمەندەکان واتە میوزیك ژەنان کەڕۆڵی سەرەکی لە سەرکەوتنی دەنگە خۆشەکان



دەبینن هونەرمەند (چۆپی) ئەویش یەکێکە لەودەنگ خۆشانەی کەلەم ساڵانەی دوایی بەشێوەیەکی بەپەلەوزۆرزوو توانی خۆی بەبیسەرانی کورد بناسێنێ ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بۆوەی دەربارەی ئەم هونەرمەندە ئەم چەند وشەیە بنووسم ئەم چاوپێکەوتنوو دیمانانەن کەهەندێ جارلەمێدیاکوردیەکان بەرگوێ دەکەون جگەلەوەی لەنزیکەوە دایك و باوکی هونەرمەند دەناسم کەڕۆڵێکی سروشتیانەی ڕاستیان لەپەروەردەکردنی ئەم بەهرەمەندە بینی شایەنی ڕێزلێگرتنن. ئەوەی زۆریش سەرنجی منی ڕاکێشاوە لەلایەنی چۆپی دووبارەکردنەوەی وشەی خۆشوویستیە لەنێوانی هونەرمەندان چۆپی خان بەبەردەوام لەدیمانەکانی داوالەهونەرمەندان دەکات یەکتریان خۆش بووێت دیارە هونەرمەند لەزووەوەلەوەگەیشتووە هونەر بەبێ خۆشەوویستی هونەرێکی کرچوکاڵی لێ درووست دەبێت تەنهاشتێک کەبتوانی فریای هونەرێکی شاکارو زیندوبێت ئەمە خۆشەوویستیە. هونەرمەند تەنها بەوەنەوەستا ئاوازە پڕلەسۆزوناسکەکەی هونەرمەندی بەتوانە کاك (ئاکۆغەریب) واتە خۆشەوویستم بەدەنگە پڕ لەسۆزەکەی بچڕێت بەڵکو چۆپی نمونەی پەیامێکی بەردەوام داومان لێ دەکات یەکترمان خۆش بووێت. ئەوەی مەبەستی منە لەم نووسینەهەڵسەنگاندنی توانای دەنگی هونەرمەند نیە بەڵکوزێدەتر باس لەکەسایەتی ئەم هونەرمەندە دەکەم وەڕۆڵی کەسایەتی ئایادەبێ چەندکاری گەری پۆزیتیف لەسەر کاری هونەرمەندان بلێزێ و خۆشەوویستیان دەها زیاتربکات لەلایەن هەوادارانی دەنگیان. هەرچەندە وەك سەرەتالەمیانەی بەرنامەی ڕۆژباش کوردستان لەتەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیا دووجار میوان داری ئەم هونەرمەندەم کرد سەرەتا دەنگی چۆپی خانم پێ دەنگێکی زۆر ڕۆژئاوایی بوو بەڵام بەهۆی پڕۆڤەی زۆروخۆشەوویستی هونەرەکەیی و خوێندنی دەنگ بەشێوەیەکی زانستیانە لەدواین دیدەنیم و بیستنی چەند گۆرانیەکی بەزاراوەی کرمانجی و هەروەها لاسایی چەندگۆرانیەکی مەرزیەی نەمر گەیشتمە ئەم ڕاستیەی کەچۆپی خان توانایەکی تەواوی بەسەردەنگی خۆیەوەهەیەو دەتوانێ یاریەکی هۆشیارانەلەبواری تەکنیکی دەنگ و یاری کردن بە کلیلی دەنگی خۆی بکات ئەم جۆرەیاری کردنەش کارێکی هاسان نیە جگە لە دەنگ خۆشی وخۆشەوویستی بۆ بەهرەهونەریەکە پێوویستی بەزانستی سۆڵفێجی دەنگەوەهەیە بۆیەدەتوانم بڵێم چۆپی خان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
11-10-2007 23:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەتوانێ بەباشیش دەنگی خۆی نەزیك کاتەوەلەدەنگێکی ڕۆژهەلاتی ئەمەش سەرکەوتنێکی ترە چۆپی خان لەم ڕێگایە سەختەی هونەرەکەی تێپەری دەکات. لەکۆتایی دەمەوێت بەم هونەرمەندەبلێم تۆئەودڵەی کە لەدڵەوە داوای خۆشەوویستیمان لێ دەکەی تۆئەودڵە گەورەی داوالەهەموو دڵە بچوکەکان دەکەی یەکتریان خۆش بووێت دەتەوێ پێیان بڵێیت تەنها خۆشەویستیە دەبێتە مایەی کامەڕانی و دەبێتە مایەی بەهاجوانەکانی هونەروژیان لەپێشەوەی هەمووشیان لقە پڕشەنگ دارەکەی دەنگ خۆشی و میوزیك. تۆداوادەکەی خۆشیان بووێیت تۆش تاهەتایە خۆشت بووێن. تۆ تەنها نەت وویست بەدەنگە خۆشەکەت پێیان بڵێیت خۆشەوویستم تۆ بەدڵە مەزنەکەشت پێمان دەڵێیت خۆشم دەوێن. تۆ پێمان دەڵێیت ئێمەی دەنگ خۆش بۆئێوەدەژین ئێوەش ئێمەتان خۆش بووێت. ئەو دەیەوێ پێمان بڵێ شەڕ ڕەوشی هونەربەرەو هەڵدێر دەبات. ئاشتیش بەپێچەوانەوەبۆیە ئەگەرئاشتی و خۆشەویستی لەسەر پەلەهەورێکیش هەبێت ئێمەدەبێت خۆمانی لێ نەزیك بکەینەوەبابۆی بفڕین بابۆی پێکەنین بابۆی بژین پێش ئەوەی پێی بگەین باخۆمان خۆش بووێت بۆوەی ئەویشمان خۆش بووێت ئەو وشەیەکە ئێمە هەزار وشەو ملیۆن ڕستە با پێی بوێرین. ئەو پێمان دەڵێت هەمووئەوانەی سێوێکی سوری خۆشەویستیان ئەگەر لەدڵ دایە باهەزاران سێوی سەوزیشی لەتەك دابنێن. باسێوە بێ دڵەکانیش چەشنی دڵی ئێمە چەشنی دڵەکانمان یەکتریان خۆش بووێت. باهەموو ڕۆژئارەزووی دیدەنی یەکتری بکەین!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.